# خەڵکی سلێمانی، خۆپیشاندان دەکەن دژ بە نەبونی بەنزین‌و گرانی نرخەکەی !

لە درێژەی ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان، دژ بەگەندەڵی‌و نەبونی کارەبا‌و کەمی بەنزین‌و گرانبونی نرخەکەی، ئەمڕۆ سەر لە بەیانی ژمارەیەکی زۆر لە شوفێری تەکسیەکانی شاری سلێمانی لە باکوری شەقامی شەستی نزیك پردی دەباشان‌و بەنزینخانەی توی‌مەلیك‌و هەروەها بە شێوەیەکی فراوانتر لە بەنزینخانەی هەواری تازەو لەسەر شەقامی سی مەتری دەستیان کرد بە نارەزایەتی دەربڕین‌و خۆپیشاندان‌و بەستنی شەقامەکان... ئاسایشی سەر بە یەکێتی نیشتمانی وەك عادەتی خۆیان کەوتنە وێزەی خەڵك‌و بەلاّم ئەمجارەیان توڕەیی‌و رقو کینەی خەلك ، لە دژی گەندەڵی‌و بازاڕی ڕەشی سوتەمەنیەکان‌و بەتایبەت بەنزین‌و گرانبونی لەبازاڕی ڕەشداو دەستنەکەوتنی لە بەنزینخانەکاندا، بەنرخی ڕەسمی کە ئەویش پێنج جار چۆتە سەر، زۆر لەوە زیاتر بوو کە بە ئاسایش بەری پێبگیرێت، بۆیە لەئەنجامی بەگژداچونی نێوان شۆفیرەکان‌و خەڵکدا لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا ئەفسەریکی ئاسایش دەکەوێتە بەر هەڵمەتی خەڵك‌و شۆفیرەکان. پاش ئەم ڕوداوە هیزەکانی ئاسایش دورە پەریز دەوەەستن‌و وەك عادەتێکی تری خۆیان لەدورەوە دەستدەکەن بە زیندانیکردن‌و ڕاپێچکردنی خەڵك... کە تا ئێستا ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانەکە بەردەوامە...

## جەماوەری خۆراگرو ئازادیخوازی سلێمانی

## شۆفیرە ناڕازییەکان!

ئەمڕۆ لە کوردستان لەسایەی دەسەلاتدارێتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، لەسایەی دەسەلاتداریتی یەکێتی‌و پارتیدا، بۆخەڵك نە کارەبا هەیە، نە بەنزین، نە موچەی گونجاو تیروتەسەڵ، بەلام بۆخۆیان کارەبای 24 سەعاتە، بەنزینی خەزنکراوو بێکۆتایی، ملیۆنەها دۆلار حسابی بچوکترین بەرپرسیانە. سەیر ئەوەیە لە کاتێکدا دەڵێن بەنزین نیەو بەنزین نایەت، کەچی لە بازاڕی ڕەشی خۆیاندا نرخی دەبەیەك بەنزینی 20 لیتری گەیتشۆتە 25000 دینار. لەهەمانکاتدا ئەگەر ئیوە، وە خەڵکی کوردستان لە هەرشوێنێك خۆپیشاندان‌و ناڕازایەتی دەربڕن، ئەوا سەرکوت دەکرێن‌و لە ژێر ناوی یاسای میلیشیای خۆیاندا یان تەقەتان لێدەکەن، یان راپیچی زیندان. لە چوارقورنەوە تا هەڵەبجەو تا کەرکوك، لە ئاکرێوە تاکو دهۆك، خەڵك ناڕازییەو ناڕەزایەتی دەکات بەلام تەقەی لێدەکرێت‌و زیندانی دەکرێت. ئەمە دەسەلاتی نەبونی‌و خنکاندنی دەنگی ئازادو ئازادیخوازانەو دەسەلاتی سەرکوتە. دەسەلاتدارانێك کە تا ئێستا جورئەتی ئەوەیان نیە بەهیچ شیوەیەك یاسایەك پەسەند بکەن بۆ دابینکردنی ئازادی خۆپیشاندان‌و ئازادی بیروراو رەخنە، بەلاّم لەمبارەوە پروپاگەندەی سەرکردەو ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانیەکانیان لەبن نایەت بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵك‌و هەڵخەلاتاندنیان. تا ئێستاو پاش 16 ساڵ دەسەلاتداریتی ئەم هێزانە، کێشەیەکی بچوکی وەك کارەبایان بۆ چارەسەرنەکراوەو نایەنەوێت چارەسەری بکەن، تا ئێستا نەیانتوانیوە تەنانەت دەیان شەقامی گرینگ بۆ خەڵك لە شارو شاروۆچکەکاندا قیرتاو بکەن، ئەمە جگە لە چەندین خواست‌و داوای ڕەوای خەلك کە هەر گوێی پێنادریت‌و وەلامی پێنادرێتەوە، بەلام زۆر خێرا یاسای وەبەرهێنانی سەرمایەداران دەنگی بۆ دەدریت لە پەرلەمانە حزبیەکەیاندا لە پێناو کەلەکردنی سەرمایەی زیاتر بۆخۆیان.

نارەزایەتی ئیوە و ئەم کێبەرکێ سیاسی‌یە، ناڕەزایەتی‌و کێبەرکێیەکی سیاسی فروان‌و گەورەی ئیوە لە بەرانبەر بزوتنەوەی کوردایەتی‌و دەسەلاتەکەیدا. ئیوە پێویستان بەوەهەیە کە زیاترو زیاتر یەکگرتوترو ریکخراوتر بن، پیویستان بەوەهەیە کە ریزی پەرت‌و بلاوی خۆتان ڕیکخراوتر بکەن‌و دروشم‌و خواستەکان بکەن بەیەك‌و لەئاستی سەراسەریدا ڕوبەروی دەسەلاتداران ببنەوەو بەمپێیە مافە خوراوەکانی خۆتان لە دابینکردنی کارەبا‌و بەنزین بە نرخی گونجاو موچەی تیروتەسەڵ‌و خواستی دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان وەربگرەنەوە. ئەمە ڕیگایەکی گونجاو شارستانی‌و خەباتکارانەیە. حزبەکەتان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لەریزی خەباتی ئیوەداو بە پشتیوانی ئیوە، تا دابینکردنی تەواوی خواست‌و ئامانجەکانی ئیوە درێژە بەخەباتی خۆی دەدات.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/7/5